# بۆ یەکەم جار لە مێژوو کوردێک پۆستێکی گرنگی لە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا وەرگرت

**هەفتەی رابردوو لە شاری (کوالالامپور)ی پایتەختی مالیزیا هەڵبژاردنی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ئەنجام درا، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی سەرۆك و جێگرەکانی و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و ئەندامانی دەستەی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.**

**لەم هەڵبژاردنەدا عەبدولخالق مەسعود سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبهێنێت و یەکێك لە پۆستە گرنگەکان وەربگرێت.**

**ئا: رێبین رەمزی**



لەم هەڵبژاردنە رکابەری لەسەر پۆستی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لە نێوان بەحرێن و ئیمارات و قەتەر، گەیشتە لوتکە، بەڵام چەند رۆژێك پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە هەردوو رکابەری شێخ سەلمان بن ئیبراهیم-ی بەحرێن کشانەوەی خۆیان بەفەرمی راگەیاند بۆیە شێخ سەلمان بن ئیبراهیم بۆ چوار ساڵی داهاتوو دەبێتە سەرۆکی یەکێتییەکە.

هەر لەم هەڵبژاردنەدا عەبدوڵخالق مەسعود سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق توانی لەسەر ئاستی رۆژئاوای ئاسیا ببێتە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا، ئەویش دوای ئەوەی لە کۆی (٤٦) دەنگ توانی (٣٧) دەنگ بەدەستبهێنێت و ببێتە یەکەم کورد لە مێژوو کە ئەم پۆستە گرنگە بە دەستبهێنێت.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەمشێوەیە بوو:

سەرۆکی دەستە: شێخ سەلمان بن ئیبراهیم (بەحرێن)

جێگری سەرۆك:

رۆژئاوای ئاسیا: سعود عەبدولعەزیز موهەنەدی (قەتەر)، ناوەراستی ئاسیا: مەهدی تاج (ئێران)

باشووری ئاسیا: مەخدوم سەید فەیسەڵ ساڵح (پاکستان)

ناوچەی ئاسیا: زاو زاو (میانمار)

رۆژهەڵاتی ئاسیا: غانباتار ئیمغالانباتار(مەنگۆلیا).

ئەندامانی مکتەبی تەنفیزی: رۆژئاوای ئاسیا عەبدولخالق مەسعود(عێراق)، هاشم حەیدەر(لوبنان)، سالم سەعید سالم وەهێبی(شانشینی عوومان)، د.حەمید محەمەد شیبانی(یەمەن)، سۆزان شلبی(فەڵەستین)، ناوەراستی ئاسیا: سەید عەلی رەزا ئاغا زادە(ئەفغانستان)، باشووری ئاسیا: داشو ئۆغین تسیتشۆب(بۆتان)، مەحفوزە ئەکسەر کیرۆن(بەنگلادش)، ئاسیان: کریس نیکۆ (ئوستڕالیا)، داتۆ حامدین بن حاجی محەمەد ئەمین(مالیزیا)، د.تران کووك توان(ڤێتنام)، کانیا کیومانی(لاوس)، رۆژهەڵاتی ئاسیا: فوك کای شان ئەریك(هۆنگ کۆنگ)، هان ئۆن گیۆنگ(کۆریای باکوور).

ئەندامانی ئەنجومەنی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی: مەحفوزە ئەکسەر کیرۆن (بەنگلادش)، سعود عەبدولعەزیز موهەنەدی(قەتەر)، برافول باتیل(هیند)، ماریانۆ ئەرانیتا(فلیپین)، دو ز هاوکای(چین)، کۆزۆ تاشیما(ژاپۆن).

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە لە ساڵی (٢٠١١)بەدواوە عێراق نەیتوانیوە هیچ پۆستێك لە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بە دەستبهێنێت.





## پەرژین عوسمان:

# رێگەدان بە کچان بۆ دەرکەوتنیان لە وەرزش بەشێکە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە



تیپی فوتساڵی یانەی سیروانی نوێ یەکێکە لەو تیپانەی کە لە پارێزگای سلێمانی گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات، بەتایبەت یاریی فوتساڵ، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری سەنتەری شاری سلێمانی تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە لە خولی فوتساڵی نایابی کوردستان و عێراق کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات. پەرژین عوسمان یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شارەدێی سیروانە، پێشتریش یاریزانی تیپی شەهیدانی شارەزوور بووە، ئێستاش یاریزانی یانەی سیروانی نوێیە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی تۆپی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- تا رادەیەك باشە، بەڵام دەبێت هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەین بەرەوپێشی ببەین.

*** کەم ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بێگومان دەبێت هەمیشە یەکێتی تۆپی پێ پاڵەوانێتی زیاتر بکاتەوە، بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ بەرەوپێش بچێت، بەتایبەتی فوتساڵی کچان.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی پێی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- کردنەوەی خولی تۆپی پێ و پاڵەوانێتی لەلایەن یەکێتی تۆپی پێ، هاوکات ئازادی بدرێت بە کچان بۆ دەرکەوتنیان لەم جۆرە یارییە،ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگەش بەشێکە لەم پێشکەوتنە.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی فوتساڵ لە چیدا دەبینی؟**

- نەبوونی یاریگای داخراو و قەیرانی دارایی بۆ ئەم یارییە کێشەی سەرەکین.

*** تا ئێستا چ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش کردووی؟**

- لە هەریەك لە یانەکانی سیروانی شارەزوور و هەڵەبجە داواکراوم.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك بە نیازی چیت؟**

- ئامانجم بەرەوپێشبردنی ئاستی یارکردنم و تەواوکردنی قۆناخەکانی بەشی وەرزشییە.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، لەگەڵ ئەوە نیم، لە بری ئەوە با گرنگی بە ئاستی راهێنەر و یاریزانی کورد بدرێت، باشترە.

*** داوکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- هاوکاریکردنی یانەکان لەلایەنی ماددی و مەعنەوییەوە، هاوکات کردنەوەی خول بۆ یانەکان بەتایبەتی بۆ کچان.

*** وەکو یاریزانێکی کچ خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە کە ببمە مامۆستای وەرزش بۆ گەیشتن بە هەموو خەونەکانم لەگەڵ باشترکردنی ئاستی یاریکردنم، هەمیشەش هەوڵم داوە خانمان بێنە ناو بواری وەرزش بۆ بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەم.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش لەم هەڵبژاردەیە بەشدار بیت؟**

- بەڵێ، ئەوە هیوای چەندین ساڵەمە، داوکارم ئەو هەڵبژاردەیە دابمەزرێت و هیوادارم منیش یەکێك بم لەو هەڵبژاردەیە.

*** ئایا لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

- بەڵێ، داواکرام، بەڵام بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتەوە نەمتوانی بچم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- کریستیانۆ رۆنالدۆ.

*** بۆچی یانەی شەهیدانی شارەزوورت جێهێشت؟**

- لە ساڵی ٢٠١٥ یانەکەمان سەرکەوت بۆ خولی نایاب و لە ئاستی عێراق پلەی دووەمان بەدەستهێنا، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی و کەمیی یاریزانی کچ، تیپەکەمان هەڵوەشایەوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵیش من و یاریزانەکانی دیکە بە خۆبەخش یاریمان دەکرد.

*** دوا وتەت؟**

- زۆر سوپاسی خێزانەکەم (دایك و باوکم) و مامۆستاکانم و راهێنەرەکەم دەکەم کە هەمیشە هاوکارم بوون، سوپاسی مامۆستا عەباس دەکەم کە هاوکارێکی بەردەوامم بووە، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام هاوکاری یاریزانان بوون.





# ئەستێرەیەکی ریال پاڵەوانی خولی یانەکانی ئەوروپا دەستنیشان دەکات

ئەفسانەی پێشووی ریال مەدرید (خۆرخی ڤالدانۆ) لە لێدوانێکدا بۆ رادیۆی (ئۆندا سیرۆ)ی ئیسپانیا جەخت لەوە دەکاتەوە بەرشلۆنە بۆ بردنەوەی نازناوی پاڵەوانی خولی یانەکانی ئەوروپا بۆ ئەم وەرزە پالێوراوی یەکەمە.

ڤالدانۆی تەمەن ٦٣ ساڵ خەڵکی ئەرژەنتینە و پێشتر لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤ تا ١٩٨٧ یاری بۆ ریال مەدرید کردووە، هەر لەو یانەیەش ماڵئاوایی لە یاری کردووە، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری وەرزشی لە یانەی ریال مەدرید.

# دیوارە پۆڵایینەکەی ئیتاڵیا وازی هێنا





ئاندریا بارزالی بەرگریکاری یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵیا بڕیاری دا لە کۆتایی ئەم وەرزە بە یەکجاری واز لە یاریکردن بهێنێت.


ئاندریا بارزالی بەرگریکاری تەمەن ٣٧ ساڵەی ئیتاڵی، کە ٨ نازناوی خولی ئیتاڵیا لەگەڵ یۆڤانتۆس بردۆتەوە، بڕیاری دا لە کۆتایی ئەم وەرزە ماڵئاوایی یەکجارەکی لە یاریکردن بکات.

بارزالی ئەم وەرزە کەمترین یاری کردووە، لە کۆی سەرجەم پاڵەوانێتییەکان تەنیا بەشداریی لە ٩ یاری کردووە، لە هاوینی ئەمساڵدا گرێبەستەکەی لەگەڵ یۆڤانتۆس تەواو دەبێت و بڕیاریداوە گرێبەستەکەی نوێ نەکاتەوە.

بارزالی، کە بە وەزیری بەرگریکارانی جیهان ناسراوە، پێشتر لە یانەی کیڤۆ ڤیرۆنا دەرکەوت، دواتر بە یەك ملیۆن یۆرۆ لە ٢٠٠٤ بۆ یانەی پالێرمۆ گواسترایەوە، داوی ئاستێکی بەرز بە ١٤ ملیۆن یۆرۆ لە ٢٠٠٨ پەیوەندی بە یانەی ڤۆڵفسبۆرگی ئەڵمانیا کرد، دوای تێپەڕکردنی ٣ وەرز لە خولی ئەڵمانیا لە گواستنەوەی زستانەی ٢٠١١ لە دەرگای یۆڤانتۆس بۆ خولی ئیتاڵیا گەڕایەوە.

بارزالی لەگەڵ یۆڤانتۆس بەشداری لە ٢٧٩ یاری کردووە، ٢ گۆڵ و ٦ ئاسیستی هەیە، لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیاش ٧٤ یاری کردووە و جامی جیهانی ٢٠٠٦ـی لەگەڵ وڵاتەکەی بردۆتەوە.

# مانێ چارەنووسی خۆی دیاریکرد





سادیۆ مانێ هێرشبەری یانەی لیڤەرپوول هەموو شتێکی لەبارەی داهاتووی خۆی لە یانەکەیدا یەکلایی کردەوە.

مانێ لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان، باسی لە داهاتووی خۆی لە یانەی لیڤەرپوول و دەنگۆکانی پەیوەندیکردن بە یانەی ریال مەدریدەوە کرد.

مانێ گوتی: دەمەوێت راستگۆ بم یۆرگن کلۆپ راهێنەرێکی گەورەیە و کەسێکی زۆر خۆشەویستە و دەمەوێت بۆ چەندین ساڵی داهاتووش لە لیڤەرپوول لەگەڵ یۆرگن کلۆپ بمێنمەوە بۆ ئەوەی ببمە یەکێك لە ئەستێرەکانی یانەکە.

مانێ دەڵێت: کلۆپ هەمیشە داوامان لێدەکات ئاستی باشتر پێشکەس بکەین، بەڵام هەرگیز پاڵەپەستۆمان ناخاتە سەر، لەبەر ئەوەیە ئاستی هەموو یاریزانانی لیڤەرپوول بەردەوام لە بەرزبوونەوەیە.

مانێی دەڵێت: ئامانجی من ئەوەیە لەگەڵ یانەکەم نازناوی خولی ئینگلیزی ببەمەوە و ببمە ئەستێرەی مێژوویی یانەکەم.

هێرشبەرە سەنیگالییەکە سەبارەت بە پەیوەندیکردنی بە یانەی ریال مەدرید دەڵێت: داهاتووی من لێرەیە و بیرم لە بەجێهێشتنی یانەکەم نەکردووەتەوە، هەموو هەوڵێکیش دەدەم بۆ ئەوەی باشترین ئاست لەگەڵ لیڤەرپوول پێشکەش بکەم.



# هێرشبەرێک کێشە لە نێوان یانەکان دروست دەکات

لەگەڵ نزیکبوونەوەی بازاڕی گواستنەوەی هاوینە تا دێت کێبڕکێی گواستنەوەی ئەستێرە دەرکەوتووەکەی خولی ئەڵمانیا زیاتر دەبێت، بە گوێرەی میدیاکانی ئیسپانیا و ئینگلتەرا دە یانەی گەورەی ئەورووپا شەڕی گواستنەوەی ئەم یاریزانە دەکەن، ریال مەدرید زۆرترین خواستی بۆ گواستنەوەی هەیە.

ماڵپەڕی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە یانەی بەرشلۆنە بەڕێوەبەری وەرزشی یانەکەی راسپاردووە بۆ چاودێریکردنی لوکا جۆڤیچی تەمەن ٢١ ساڵ، کە ئەم وەرزە لە خولی ئەڵمانیا ١٧ گۆڵی بۆ یانەی ئینتراخت فرانکفۆرت تۆمار کردووە و پلەی دووەمی گۆڵکارانی خولەکەی گرتووە و بە ٣ گۆڵ لە لیڤاندۆڤسکی پێشەنگی گۆڵکارانی خولەکە دوورە.

لە لایەکی دیکەیشەوە ماڵپەری مارکا ئاشکرای کردووە، کە فلۆرێنتینۆ پێرێز سەرۆکی ریال مەدرید دەیەوێت ئەم هێرشبەرە لاوە لە چنگی بەرشلۆنە دەربێنێت و بۆ ئەم مەبەستە ٧٠ ملیۆن یۆرۆی ئامادە کردووە.

هەریەك لە یانەکانی یۆڤانتۆس، بایرن میونیخ، پاریس سانت جێرمان، لیڤەرپوول، مانچستەر یۆنایتد، مانچستەر سیتی، ئەنتەر میلان، چێلسی و تۆتنهام چاودێری جۆڤیچ دەکەن ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی دەکەن.

لوکا جۆڤیچ هێرشبەری هەڵبژاردەی سربیا و یاریزانی یانەی بەنفیکای پورتوگالییە، بەڵام لە وەرزی ٢٠١٧ بەشێوەی خواستن روویکردۆتە یانەی ئینتراخت فرانکفۆرت و لە وەرزی ٢٠٢١ گرێبەستەکەی تەواو دەبێت.

جۆڤیچ ئەم وەرزە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان بەشداری لە ٤٠ یاری کردووە، ٢٥ گۆڵ و ٧ ئاسیستی تۆمار کردووە.

# کچانی پەروەردەی دەوروبەر نازناوی باڵەی پەروەردەکانی هەرێمیان بەدەستهێنا

لە هەولێری پایتەخت و لە هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشیی ئەکاد لە شارۆچکەی عەنکاوە، بە ئامادەبوونی بەکر کەریم حەسەن بەڕێوەبەری گشتیی چالاکیی وەرزش و هونەر و هەریەکە لە پەروەردەکانی دەوروبەر و کۆیە و ژمارەیەك لە سەرپەرشتیاران و هاندەرانی وەرزشی، یارییەکانی پاڵەوانێتی باڵەی پەروەردەکانی هەرێم کۆتایی هات، کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چالاکیی وەرزش و هونەر بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی باڵەی کچان لە ناوەندەکانی خوێندن و وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی باڵەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم، کە تێدا هەریەك لە پەروەردەکانی (دەوروبەری هەولێر، کۆیە، کەرکووك، ڕۆژهەڵاتی دهۆك، هەڵەبجە، خانەقین) لە پەروەردە گشتییەکانی هەولێر و دهۆك و هەڵەبجە و گەرمیان و کەرکووك بەشدارییان لە کێبڕکێیەکان کردبوو، کە بۆ ئاستی پۆلی حەوت تا نۆی بنەڕەتی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە هەولێر بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یاریش لە نێوان تیپە بەشداربووەکان، هەریەك لە پەروەردەکانی دەوروبەری هەولێر و کۆیە گەیشتنە یاریی کۆتای، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە هاندەران و وەرزشدۆستان یاریی کۆتایی لە نێوان هەردوو تیپ ئەنجامدرا، لەم یارییەشدا کچە یاریزانانی هەردوو تیپ بە درێژایی یارییەکە توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و خاڵ لە دوای خاڵ تۆماربکەن، سەرئەنجامیش کچانی پەروەردەی دەوروبەری هەولێر بە پاڵپشتیی هاندەرانیان و بە ئاست بەرزیی کچە یاریزانەکانیان، کە زۆربەیان لە یانەی ئەکاد یارییان دەکرد و ئەزموونی باشیان هەبوو، توانییان یارییەکە بە ئەنجامی سێ بەرامبەر یەك گێم لە کچانی کۆیە ببەنەوە و ببنە پاڵەوانی باڵەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم، پەروەردەی کۆیە و هەڵەبجەش پلەکانی دووەم و سێیەمیان بەدەستهێنا، لە کۆتاییشدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووی پەروەردەییەوە خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکاندا دابەشکرا.



# پاڵەوانێتی هێزی لەشی کچانی یانەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت

بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی هێزی لەش لە شارەکانی کوردستان و گرنگیدانی بەردەوام بەم یارییە، بۆ یەکەمجار (یەکێتی ناوەندی هێزی لەش) لەسەر ئاستی کوردستان پاڵەوانێتی هێزی لەشی یانە و هۆڵەکانی وەرزشی بەڕێوەدەبات، لەم بارەشەوە (فەتحی عەباس) سەرۆکی ناوەندی هێزی لەشی کوردستان بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە پاڵەوانێتی یانە و هۆڵەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت، بۆ هێزی لەش (پێنج پرێس) بۆ ئاستی خانمان، یارییەکانیش لە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت، ئەم پاڵەوانێتییە بۆ یەکەمجارە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت.» لە بارەی بەشداریکردنی یانەکانیش گوتی: «بۆ ئاستی کراوەیە، بۆ سەرجەم یانە و هۆڵەکان و بۆ ئاستەکانی تازەپێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان) پێشبینییش دەکەین کە ژمارەیەکی زۆر لە یانەکانی کوردستان بەشداری بکەن، چونکە یەکەمجارە پاڵەوانێتییەکی لەم جۆرە بۆ ئاستی کچان بەڕێوە بچێت، بەهیوای ئەوەین بتوانین بە جوانترین شێوە پاڵەوانێتییەکە بەڕێوەببەین و ئامادەکاریی پێویستمان کردووە بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی کارەکانمان ئەنجام بدەین، پاڵەوانێتییەکەش ماوەی یەك ڕۆژ بەردەوام دەبێت.





# پێشمەرگەی هەولێر
# چاوی لە نازناوی خولی نایابی کوردستانە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ بە تیپێکی تەواو جیاواز بەشداری لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یانەکە هەر بەم پێکهاتەیەی چاوی لە ئەنجامی گەورە بوو بۆ ئەوەی بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ تیپەکانی دیکەی بەشداربوو لە خولی نایابی کوردستان بکات. یانەکە ماوەیەکە شەڕی بەدەستهێنانی نازناو دەکات، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بتوانێ دڵی هاندەرانی شاد بکات، لەم بارەشەوە (کاوە ئیبراهیم) ڕاهێنەری گۆڵپارێزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئەمساڵ تیپێکی تۆکمەمان کۆکردەوە بۆ ئەوەی بچینە نێو یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تا رادەیەکیش ئاستی تیپەکەمان وەکو پێویست بووە، بەڵام هێشتا چەند هەفتەیەك لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ماوە، ئەوەی وەرزش بکات، دەزانێ کە هێشتا کات ماوە بۆ ئەوەی بڵێین نازناوەکە بۆ کێ یەکلا کراوەتەوە، ئێمەش وەکو سەرجەم تیپە بەشداربووەکانی خولەکە هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین ببینە پاڵەوانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام تاوەکو ئێستا پاڵەوانی خولەکە دیار نییە، ئاخۆ کێ ئەم وەرزە نازناوی خولی نایابی کوردستان بەدەست دەهێنێت»، گوتیشی: «بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان مافێکی ڕەوای خۆمانە و هەوڵی تەواوی بۆ دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین، ئەو هیوایەشمان تێدایە چ وەکو دەستەی ڕاهێنەران و چ وەکو یاریزانانیش هەموو هەوڵ و هیممەتی ئێمە بۆ ئەوەیە بتوانین نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین.»